# گۆڕ یەکەم قۆناغە لە قۆناغەکانی قیامەت، ئەگەر یەکێک لێی ڕزگار بێت؛ ئەوەی لە پاشی دێت ئاسانترە، وئەگەر یەکێک لێی ڕزگاری نەبێت؛ ئەوەی لە پاشی دێت سەختترە

لە هانیئی -بەندەی ئازادکراو- لە لایەن عوسمانەوە دەڵێت: ئەگەر عوسمان لەسەر گۆڕ ڕابوەستایە دەگریا هەتاوەکو ڕیشی تەڕ دەبوو، پێی ووترا: باسی بەهەشت ودۆزەخ دەکەیت ناگریت؛ بەڵام لەسەر ئەمە -لەسەر گۆڕ- دەگریت؟ ووتی: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «گۆڕ یەکەم قۆناغە لە قۆناغەکانی قیامەت، ئەگەر یەکێک لێی ڕزگار بێت؛ ئەوەی لە پاشی دێت ئاسانترە، وئەگەر یەکێک لێی ڕزگاری نەبێت؛ ئەوەی لە پاشی دێت سەختترە».

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەگەر عوسمانی کوڕی عەفان -ڕەزای خوای لێبێت- لەسەر گۆڕ ڕابوەستایە دەگریا هەتاوەکو فرمێسکەکانی ڕیشی تەڕ دەکرد، پێی ووترا: باسی بەهەشت ودۆزەخ دەکەیت ناگریت؛ بەڵام لەسەر گۆڕ دەگریت؟ ئەویش پێیانی ووت کە ئەو دەگری چونکە گوێی لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کردووە کە گۆڕ یەکەم قۆناغە لە قۆناغەکانی قیامەت، ئەگەر مرۆڤ لە سزا وتاقیکردنەوەکانی گۆڕ ڕزگاری بێت؛ ئەوەی لە پاشی دێت ئاسانترە لەسەری چونکە ئەگەر هەر تاوانێکی هەبێت بەهۆی سزای گۆڕەوە لێی ڕزگاری دەبێت، وئەگەر لە سزای گۆڕ ڕزگاری نەبێت ونەبووە هۆی لێخۆشبوون لە تاوانەکانی وهەندێک تاوان مابوو کە شایستەی سزادانە؛ ئەوا ئەوەی لە پاش ئەم سزایە دێت قورسترە، چونکە سزای ئاگری دۆزەخ سەختتر وناڕەحەتترە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11205

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee